## ئەگەر ئازان خۆپیشاندانێكیش دژی (حەسەن نەسروڵڵا) بكەن. !!. مەریوان نەقشبەندی

هەندێك لەبرادەران زۆر كەیف خۆشبوون كاتێك بینیان و بیستیان ئەوا دوای شەش مانگ لە بڵاوكردنەوەی چەند وێنەیەكی پێغەمبەری ئیسلام (د. خ) لە رۆژنامەیەكی دانیماركیدا خەڵكی شاری هەولێر هەستی خۆشەویستیان بۆ ئاینی ئیسلام و پێغەمبەرە مەزنەكەی جوڵاوە و بەگوتەی خۆیان 50000-70000 كەس لەنێوان وەزارەتی داد و پەرلەمانی كوردستاندا خۆپیشاندان دەكەن و هوتاف لێدەدەن و لەپاڵ سوتاندنی ئاڵای دانیمارك و ئیسرائیل (مەریوان هەڵەبجەیی) ان لێبووە بە دێوەزمە و پێشی دەڵێن (رۆشنبیری حەیوان) ، من هیچ تەعلیقێكم بۆ موبالەغە كردن لە ژمارەی بەشداربوانی ئەو خۆپیشاندانە نییە و ناشپرسم ئاخر چۆن دەبی بە شەخسێك بڵێن (رۆشنبیر) و ئینجا (حەیوان) بێت.

بەڵام دەمەوێت رووی قەڵەمەكەمم بكەمە ئەو كەسانەی كە لەخۆپیشاندانەكەی بەردەم پەرلەماندا شیر و تیریان لە دانیماركیەكان و (حەیوانێك) ی رۆشنبیر تیژ دەكرد و ئەزمونی بزوتنەوەی حەماس و ئیخوان (مسلمین) یان لە كوردستان عەرز دەكرد و دەمەوێت ئەم قسانەی حەسەن نەسروڵڵای ئەمینداری گشتی حزبوڵڵای لوبنانیان بۆ بنووسمەوە كە ئێوارەی رۆژی پێنج شەممەی2006/2/23 لەبەردەم كۆمەڵێك لە لایەنگرەكانیدا وەك عادەتی هەمیشەیی وتارێكی هات و هاواری بەزمانە لاڵەكەی پێشكەشكرد و زۆر بەدەنگی بەرز گوتی: (باكوری عێراق) كە مەبەستی هەرێمی كوردستانە پڕیەتی لە مۆسادی ئیسرائیلی و تاكە كەسێك سوودی لە تەقاندنەوەی مەزارەكانی شیعە لە سامەررا و دواتریش سوتاندنی مزگەوتەكانی بەغدا و شەری نێوان سوننە و شیعەی عێراق وەرگرتبێت ئەو ئیسرائیلیانەن كە لەكوردستاندان، كە دیارە ئەو هەرگیز ناڵێت كوردستان بەڵكو (شمال العراق) ە حەیاتەكە بەكار دێنێت.

ئەمە قسەی نەسروڵڵا بوو كە راستەوخۆ لەكەناڵەكانی راگەیاندنی عەرەبییەوە پەخشكرا و من بۆ خۆم قسەكانیم بەدەنگ و رەنگەوە تۆماركردوە.
ئەم لێدوانەی نەسروڵڵا ئاراستەی كوردستانە بە نەتەوە و حزب و ئاین و جەماوەرەوە، بەڵام پێش ئەوان ئاراستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستانە و دەبی چۆن موجامەلەی خۆپیشاندانی چەند سەد كەسێكی لەسلێمانی كرد كە دژی مەریوان هەڵەبجەیی و دانیماركیەكان كرد، بەهەمان شێوەش هەر هیچ نەبێت بە بەیاننامەیەكی هاوشێوە وەڵامی حەسەن نەسروڵڵا بداتەوە و بڵێت ئەگەر ئیسرائیل لە كوردستاندا هەبێت ئەوا لەلای (سیستانی) ی ئاغاتانەوە هاتوە، ئەگەر خۆپیشاندەرانی دژ بە دانیمارك و (رۆشنبیرە حەیوانەكە) ی بەردەم پەرلەمانیش زەرەیەك هەستی نەتەوەییان تێدایە و رۆژێك لەرۆژان خۆیان بەخاوەنی ئەم خاك و نەتەوەیە دەزانن كە خۆیان و حزبەكانیان (بەناوی ئیسلام) ەوە بەئازادی تەراتێنی تیایدا دەكەن، با بڕژێنە سەر شەقامەكانی شاری هەولێر و دژی ئەو تۆمەتانەی نەسروڵڵا هوتاف بكێشن و هیچ نەبێت بڵێن (حەسەن نەسروڵڵاش حەیوانە) . بەڵام من دڵنیام نە حزبە (ئیسلامی) ەكانی كوردستان و نە ئەوانەی دیكەش كەبووبون بە ژێرپێی حزبە (ئیسلامی) ەكانەوە و دوای قەرەباڵغی كەوتبوون، ناوێرن بەیەك وشە بەرگریی لە كورد و سەركردایەتی سیاسی كورد بكەن و بەرپەرچی نەسروڵڵا و موقتەدا و

هاوشێوەکانیان بدەنەوە، باشە خۆ ئەمە راستەوخۆ پەیوەندی بە نەتەوەی کورد و ئیسلامەتی لەکوردستاندا هەیە و گومان لە ئیسلامەتی هەموومان دەکات، با هەست بکەین حزبە ئیسلامیەکانی کوردستان ئەگەرچی سروودی (ئەی رەقیب) بەحەرام دەزانن، بەڵام لەگەڵ موسڵمانیەتی خۆیان ئەرکی نەتەوەکەشیان بەجی دەگەیەنن، ئەمە ئیمتیحانێکە و من دڵنیام (ئیسلامی) یەکانی کوردستان تیایدا راسب دەبن.

Mariwan_na@yahoo. com